# ئاسایش و ئەمڕۆ و من

مەهاباد قەرەداغی

ئازیزێکم ماوەیەک پێش ئێستا "ڕاستی"ییەکی تاڵی لەبارەی سیفەتێکی کەسایەتی من پێ گووتم: "مەهاباد تۆ عەیبێکت هەیە زۆر شۆڕشگێڕی! کوا باوی شۆڕشگێڕی ماوە؟! زۆر ڕەخنە دەگریت و داکۆکی لەم و لەو دەکەیت و هەڵوێست وەردەگریت و .."
زۆر بیرم لەم قسەیە کردەوە، وەنەبێ هەستم بەم سیفەتەی کەسایەتی خۆم نەکردبێ، بەڵام تا ئەو کاتە پێم وا نەبوو ئەوە عەیبێکە لە مندا، زەنگێکی سەیر و نامۆ بوو بە گوێم کە ببیستم شۆڕشگێڕێتی بووبێ بە عەیب و باوی نەمابێت. باشە بۆ شۆڕش و شۆڕشگێڕێتی و هەڵوێستوەرگرتن مۆدێلە تا باوی بێت و باوی نەمێنێت؟ بە هەر حاڵ، وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەم مەبەست نییە و، لەبارەی هەڵوێستوەرگرتن و ڕەخنەگرتن دەدوێم، بە تایبەتی لەو مەسەلەیەدا کە ڕۆژنامەی ئەمڕۆ وروژاندی و ئاکام هەڵوێستی ئاسایش و گرتنی سەرنووسەری ڕۆژنامەکە. لە هەموو ئەم مەسەلانەدا هەڵوێستوەرگرتن پێویستە و چۆن ئەبێت مرۆ بێدەنگ بێت؟ نەخوازەڵا مرۆڤێک کە وەک سیفەت عەیبدار بێت "واتە شۆڕشگێڕ بێت" و حەز بە گۆڕانکاری بکات لە کۆمەڵگەکەی و هەڵوێستی لەسەر دیاردەکان و کێشەکان هەبێت.
بە کورتی:
کە هەواڵی گرتنی کاک فەرهاد مەلا حەسەن، سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەمڕۆم لە کوردستان نێتەوە خوێندەوە، دەمودەست تەلەفۆنەکەم هەڵگرت و ژمارەکەی کاک فەرهادم لێ دا تا لە چۆنێتی هەواڵەکە دڵنیا بم، وەڵامدەرەوە کاک فەریاد هیرانی بوو، پێی ڕاگەیاندم کە فەرهاد لە لایەن جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانییەوە گیراوە. ژمارەی ئەو بەڕێزەم لێوەرگرت و حەزم دەکرد ڕاستەوخۆ لە هۆکاری گرتنی سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەمڕۆ بزانم و دەماودەم نەبێت. زەنگم بۆ کاک سەیفەدین جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی لێدا و ئەم گفتوگۆیەی لێ کەوتەوە:

- بەڵێ فەرموو.
- بەڕێزت کاک سەیفەدینی؟
- بەڵێ فەرموو کێی جەنابت؟
- من مەهاباد قەرەداغیم، لە سوێدەوە زەنگت بۆ لێدەدەم.
- سەرچاو خوشکە مەهاباد فەرموو کارێکت هەیە؟
- هەواڵی گیرانی کاک فەرهاد مەلا حەسەنم خوێندۆتەوە کە لە لایەن ئاسایشەوە ئەنجام دراوە، دەکرێ هۆکاری گیرانەکەی بزانم؟
- بەڵێ خوشکم دەکرێ بزانی. بۆ ئەو مەسەلەیەی دەربەندیخان کە لە ڕۆژنامەکەیدا بڵاوی کردبووەوە ئێمە بە فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەمان

داناوە و ئەویش یەکێکە لەو کەسانەی کە دەبێ لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت، بانگمان کردووە بۆ لێکۆڵینەوە.

- بەڵام دەڵێن لە لایەن ئاسایشەوە گیراوە.
- نەخێر لە لایەن ئێمەوە نەبووە، حاکم فەرمانی گرتنی داوە. چونکە ئەو شکایەتیشی لێکراوە لە لایەن چەند کەسێکەوە.
- بەڵام ئایا مەحکەمە کراوە.
- (بە تووڕەییەوە) مەحکەمەی چی؟ ئەوە تۆ لە یاسا نازانی؟ پێش مەحکەمەش حاکم دەتوانێ ئەمری گرتنی دەرکا.
- (منیش بە تووڕەییەوە) نەخێر من لە یاسا نازانم و ئیختیساسم یاسا نییە، بەڵام خۆ دەبێت فەرمانی گرتنی لە لایەن حاکم هۆیەکی هەبێت.
- (تۆزێ هێمنتر) لە لێکۆڵینەوەدا ئێمە داوامان لێ کرد ناوی ئەو سەرچاوەیەمان پێ بڵێت کە یەکەمجار هەواڵی پێداون کە لە دەربەندیخان ئەو خێزانە هەیە و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردووە، کەچی پێی گوتووین ناوی سەرچاوەکە ناڵێم و بۆشتان نییە بمگرن. ئەو خۆی لە ڕۆژنامەکەدا وتوویەتی هەر لایەنێک بۆ لێکۆڵینەوە بەڵگەنامەکانی دەوێت ئامادەین بیدەین کەچی ئێستا بە ئێمەی نادات کە لیژنەیەکین لەم مەسەلەیە دەکۆڵینەوە. بۆیە حاکم ئەمری گرتنی دەرکردووە و لای ئێمەیە.
- ئێوە بە حاکمتان وتووە کە ئەمری گرتنی دەرکات؟
- ئەو نایەوێت هاوکاریمان بکات بۆ دۆزینەوەی حەقیقەتەکان، ئێمە بە ئەمری وەزیری ناوخۆ لەم مەسەلە دەکۆڵینەوە.
- کەواتە من تەلەفۆن بۆ جەنابی وەزیر دەکەم و بزانم ئەو چی دەڵێ؟
- بڕواناکەم ئەو بەم مەسەلەیە بزانێ، ئێمە لەم مەسەلەیە دەکۆڵینەوە.
- بەهەر حاڵ تەلەفۆنی بۆ دەکەم، من مەبەستمە ڕاستییەکان ڕاستەوخۆ و دەستبەجێ بزانم. سووپاس بۆ بەڕێزت خواحافیز.
- خواحافیز، سەرچاو.

ژمارەی ڕاستەوخۆ "مۆبایل"ی بەڕێز وەزیری ناوخۆم لێدا و دیاربوو سەرقاڵە، زۆر بە کورتی لە هۆکاری تەلەفۆنەکەم ئاگادارم کردەوە و ڕایگەیاند کە ئەو ئێستا بە ئەرکێکی فەرمییەوە خەریکە و بەڵێنی دا تەلەفۆنم بۆ بکاتەوە و ئەو زانیارییەی من دەمەوێ بە دڵنیاییەوە وەریگرم. بەڵێنەکەی بەجێگەیاند و خۆی تەلەفۆنی کردەوە و زانیارییم لەبارەی ئەم بابەتەوە وەرگرت، بەڕێزی گووتی:

- سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەمڕۆ کە یەکێکە لەو لایەنانەی کە تێکەڵ بەو مەسەلەیەیە کە لیژنەیەک لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات و ئەویش وەک ئەوانی دی بانگ کراوە و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت.

www.kurdistannet.org

- بەڵام دەوترێت ئەو لە لایەن ئاسایشەوە ئێستا گیراوە.
- نەخێر ئەو ئێستا ئازادە.
- هەر ئێستا لە کوردستان نێت دەزگای ڕۆژنامەی ئەمڕۆ هەواڵی بڵاوکردۆتەوە کە سەرنووسەرەکەی لە زینداندایە و مانی لە خواردن گرتووە.
- ئەو ئازادە و دڵنیابە کە ئەو هەواڵە ڕاست نییە. ئەو تەنها لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە. مەگەر لە وڵاتانی تریش لێکۆڵینەوە ناکرێ لەسەر کەسێک کە شکایەتی لێ کرابێت، یان تەرەفی مەسەلەیەک بێت؟ من لە خۆت دەپرسم ئایا ئەو لیژنەیەی کە بۆ لێکۆڵینەوە دانراوە مافی نییە لەگەڵ ئەویشدا لێکۆڵینەوە بکات؟
- بەڵێ، بێگومان ئەوە مافی خۆیانە. دیارە من قسەم لەسەر ئەوە نییە کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت، بەڵام کە بیستم گیراوە زۆر تووڕە بووم، ئەوە پێشێلکردنی مافی ڕۆژنامەوانە و لەگەڵ ئازادی ڕادەربڕین و چاپەمەنیدا ناکۆکە. بە هەر حاڵ ئێستا دڵنیابووم کە ئەو نەگیراوە و ئازادە، زۆر سوپاسی بەڕێزت دەکەم بۆ ئەم زانیارییانە. لە ڕاستیدا حەزم دەکرد پێش ئەوەی شتێک لەسەر ئەو مەسەلەیە بنووسم ڕاستەوخۆ لە سەرچاوە پەیوەندیدارەکانەوە هەواڵەکە پشتڕاست بکەمەوە و ئینجا شتێک بنووسم.

بۆ زانیاری، ئەم گفتوگۆیەی دوایی لە کاتژمێر یەکی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی 4ی مەی ڕوویدا. ئەم هەوڵەی من بۆ زانیاری خۆم بوو، تا پێش ئەوەی کە هەڵوێستێکنامەیەک بنووسم سەبارەت بەو بابەتە لە دیووی ئەودیوویشی بکۆڵمەوە و تەنها پشت بە یەک سەرچاوە نەبەستم. ڕەنگە ئەم زانیارییانە بۆ کەسانی تریش سوودی هەبێت بۆیە سەرەڕای سەرقاڵیی یەکجار زۆرم بە کار و خوێندنەکانمەوە بڕیارم دا ئەم زانیاریانەی من پێی گەیشتووم لەم بابەتەدا بینووسم و خوێنەران و نووسەرانی تریشی لێ ئاگادار بکەمەوە.

<u>پێشنیارێک بۆ وەزارەتی ناوخۆ:</u>

سەرچاوەیەکی جیهانی بۆ بڵاوکردنەوە و زانیاریدان سەبارەت بە هەواڵەکانی ناوخۆی کوردستان پێویستییەکی ژیانییە. ئەم کارەش لە ئێستادا زۆر ئاسانە و بە هەبوونی سایتێکی تایبەت بە وەزارەتی ناوخۆ چارەسەر دەبێت، کە تیایدا بەشێک بۆ کاروباری ئاسایش، بەشێک بۆ پۆلیس، بەشێک بۆ پۆلیسی هاتوچۆ، بەشێک بۆ تیمی ئاگرکوژێنەوە و هەر شتێکی تر کە پەیوەندی بە دەزگاکانی ناوخۆ و هاوڵاتییەوە هەبێت. ئەم کارە هەم لە ناوخۆی کوردستاندا هاوڵاتییان دەتوانن سوودی لێ وەربگرن و هەمیش هاوڵاتیانی کوردی پەراکەندەی دنیا دەتوانن ڕاستەوخۆ سوودی لێوەربگرن. لەم سایتەدا دەکرێت هەواڵنامەیەکی ڕۆژانە هەبێت و هەموو ئەو هەواڵانەی کە پەیوەندی بە ئاسایشی هاوڵاتییان، هاتوچۆ و ڕێگاوبان، وەڵامدانەوەی ئەو هەواڵانەی کە لە ڕۆژنامەکانی ترەوە سەبارەت بە کاروبارەکانی ئاسایش، پۆلیس و هتد ەوە دەنووسرێن، بڵاوبکرێتەوە. پێم وا نییە ئەم کارە هێندە قورس

بێت. له ئێستادا دوکانێک، ڕێستوڕانێک سایتی تایبه‌تی خۆی هه‌بێت، چۆن ده‌شێ وه‌زاره‌ته‌کانی حکومه‌ته‌کانمان ئه‌وه‌یان نه‌بێت، به تایبه‌ت وه‌زاره‌تی ناوخۆ و دامود‌ه‌زگاکانی سه‌ر به‌م وه‌زاره‌ته که ڕاسته‌وخۆترین په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ هاوڵاتیاندا هه‌یه.

2004/05/10

ستۆکهۆڵم

www.kurdistannet.org